ئایندە

خاوەنی ئیمتیاز: بەیان نوری تۆفیق
سەرنووسەر: هەلاڵە محەمەد ئەڵماس
٠٧٧٠٣٦٧٥٠٥٥
halalaalmas@yahoo.com

دیزاین: چیا حەمەعەلی
تایپیست: شۆخان ناسر
ژمارە (١٧١) ساڵی چواردەهەم، شەمە، ٢٠١١/١/١٥

ناونیشان: سلێمانی . کانێسکان . مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان . خوار یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
www.khushkan.org
aynda97@yahoo.com

# لەیادی دامەزراندنی یەکەم چاپخانەی کوریدا سوپاسێک بۆ(حوسێن حوزنی موکریانی)

شادان تالب..........................................

حوسێن حوزنی موکریانی، گەورە نوسەرو ڕوناکبیری کورد، روناکبیرێک کەپیت بەپیتی وشەکانی نێوپەڕاوو کتێبە مەزنەکانو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو تەواوی کورد قەرزاری هەوڵو ماندوبونی ئەون، ئەوێک هەرلەتەمەنی ١٢ ساڵیەوە کەسوکاری بەجێهێشتبێتو قوتابخانەی تایبەتی زوبانی کوردی کردبێتەوە و، ١٢ساڵ بەبەرگی ئەفغانیەوە هەموو کوردستان بگەڕێت بۆکۆکردنەوەی زانستوئاشنابون بەمێژووی کورد.

ئەم پیاوە گەورەیە٤٤ بەرگ لەمێژووی کوردی بۆکۆکردبینەوەو ٢١بەرگیانی لەسەر کیسە خوێ بەچاپ گەیاندبێت، ئەوێک لەبەرواری ١٩١٥/١/١٥دا بەپارەی خۆیو بۆخزمەتکردنی زوبانی کوردی چاپخانەیەکی لەئەڵمانیا کڕیبێتو لەحەلەب دایمەزراندبێت، ئەوێکی بەخزمەت، لەسەر ئەرکی خۆی وەک یەکەمین کەس پیتەکانی (پ، چ، ڤ، گ، ژ) لەچاپخانە دایڕشتبێتو لەئەڵمانیا دروستی کردبێت، (حوسێن)ێک لەساڵی ١٩٢٥بۆیەکەم جار چاپخانەی هێنابێتە کوردستانو لەڕەواندوز دایمەزراندبێت، بەناوی چاپخانەی (زاری کرمانجی) کەتائێستاش لەشاری هەولێرەو خزمەت دەکات بەناوی چاپخانەی (کوردستان)، ئەوێک ستەمو تاڵی ڕۆژگار کۆڵی پێنەدابێت بۆخزمەتی ئەدەبو مێژوو ڕۆژنامەگەریو چاپەمەنی نەتەوەیەک .



ئیتر ئێمە چۆن لەساڵیادی دامەزراندنی چاپخانەکەیدا خۆمان بەقەرزاری ئەم خاوەن فیکرو بیرو عەقڵە مەزنە نەزانین!؟

shadan.talb@yahoo.com

# (دایە عیسمەت) ژنێکی عارف

ئەمیرە جەمال_ قوتابی دایە عیسمەت.........

ئەو ژنێک بوودیندارو ڕوخۆش، زمانشیرینو نورانی، وتەکانی هەڵقولاوی قورئانو فەرموودە بوو، بەردەوام لەخەمی ڕەوشتی کچان بوو،کچان بە سەرپۆش سپی چواردەوریدابوو، کچانی قورئان خوێن، ئەوانەی سینەیان تێرئاو ببوو بە نوری ئیلاهی، دەوری (دایە عیسمەت) بەردەوام قەرەباڵغ بوو بەوان، دایە بەدەیان کچوڕن قورئانیان لەخزمەتدا خەتم کردووە.

ئەو تەمەنی خۆی لە ناو مەعریفەو عیرفاندا گوزەراند، لە خانوویەکدا، هاوینانی بە پانکە شرێکەوە بەسەر بردو زستانیشی بەبێ نەوت تێپەڕاند، پیری هاتە سەر وەختی. وەسێتنامەکەی لە پشت سەریەوە هەڵدەواسی تا بەردەوام لەبەر چاویدا بێت، ئەوەشی سەردانی دەکات لە بیری نەکات لە پرسەکەیدا قورئان بخوێنێت.

(دایە عیسمەت) کچی (نوری بابا عەلی)، لە ١ی شەشەلانی ١٣٤٦ی کۆچی لە تەکیەی سەربە ناوچەی قەرەداغ هاتۆتە ئەم ژیانە، لە بنەماڵەیەکی مەلازادە.

دایکی (عاسمە)ی کچی شێخ نەجیبی قەرەداغیە، هەر بە منداڵی شەیدای قورئان بووە، زۆر حەزی کردووە بچێتەلایی فەقێکانی مزگەوتی شێخ بابا عەلی کە لە ناو ماڵیاندا بووە، تا قورئان بخوێنێت، بەلام لەبەرئەوەی هاوڕێی کچی نەبووە، چوەتەلای پوری (ڕەعنای کچی شێخ بابا عەلی) لای ئەو قورئانو هەندێک کتێبی خوێندووە، تا ئەوکاتەی کۆچی کردووە بەردەوام دەرسی بە سەدان کەس وتووەتەوە. هەندێکجار شعریشی هۆنیوەتەوە، بۆیە دوایی وەفاتی سێجار دیوانە شعریەکەی کەوتە کتێبخانەکانەوە بە ناونیشانی (دایە عیسمەت ژیانو بەرهەم). بەرەبەیانی ٢٢ی ١٢ی ١٩٩٧ گەشتە بەر سۆزی خواو بۆلای دروستکەرەکەی گەڕایەوە، گڵکۆی لە تەنیشت گڵکۆی (شێخ بابا عەلی) باپیریەتی لە گردی شێخ مارف.



نمونەی شعرێکی:

کاتێک منتان برد بەرەو گۆڕستان
دوعام بۆ بکەن لە خزمەت یەزدان
بەڵکو عەفوم کات لە کۆیی گوناهان
من زۆر غەریبم ئەمشەو میوانم
هەرچەن میوانی خوای میهرەبانم

# خوێندنی نوێژ لەدڵدایە، نەک...!؟

هەلاڵە محەمەد..........................

پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمووی: لەڕۆژی قیامەتدا (٧) پۆل لەژێر سێبەری عەرشی پەروەردگاردان، یەکێک لەوانە کەسێکە هەمیشە دڵی پەیوەستە بەمزگەوتەوە.

سەیرکەن لەم وێنەیە سەرنج بدەن ئەمە تەنها بۆسەیرکردنوبەزەیی هاتنەوە نییە، بەڵکو ڕادەی خۆشەویستیو پەیوەندی ئەودەردەخات بۆپەروەردگاری.



ئازیزان: پەیوەندی ئەو بەپەروەردگاریەوە دڵی زیندوو بێداری هەڵی گرتووە، نەک قاچە دەسکردەکانی !! ئەو قاچەکانی داناوە ؟! بەلام دڵی لەبڵندترین جێگەدایە! بۆبڵنترینومەزنترین زات، کەپەروەرێنەی سەرجەم بونەوەرە.

ئای چەندان هەبن دڵیان داناوە، بەلام قاچەکانیان هەنگاوی بەرەو نادیار دەنێت!!

یاچەندی ترهەبێت دڵەکانیان لێبەجێماوەو بێئاگایەو سورە لەسەر دانیشتنو تەمەڵی!؟

مسوڵمانان، ئێمە زۆر کۆتاکارین زۆرنەزانین؟! چەندان کەسی ساغو سەلامەت هەیەو خاوەنی دووقاچی بەهێزە، بەلام بۆدژایەتیو تورەبونی پەروەردگار بەکاریدێنێت؟

زۆریش هەیە نوێژەکانی تەنها شتێکی ڕواڵەتیەو کاریگەری لەهەڵسو کەتیدا دروست ناکات! یازۆر تەمەڵانەو بێباکانە نوێژەکانی لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە، واشدەزانێت هیچی نەهێشتۆتەوە؟! گەلێکیش هەن دڵیان لەهەمووکاتی نویژدا لەجێیەکو لاشەیەی بێڕۆحیان لەسەر بەرماڵە؟!!

پەندوەرگرتن لەم وێنەو خۆهەڵسەنگاندن بەئیرادەو نزیکی ئەوی نوێژخوێن لەپەروەردگارەوە، خۆپێوانێکی زۆر کاریگەر دەبێت لەسەرمان، چونکە ئێمەی مرۆڤ نیعمەتەکانی پەروەردگارئەوەندە زۆرە لەسەرمان هەرگیز ناتوانین بیانژمێرین؟!

گەرەکە سوپاسی خوای گەورە بکەین کەلەشساغو لاشەیەکی تەندروستی پێبەخشیوین، فەزڵی زۆری خۆی ڕشتووە بەسەرماندا.

هیواخوازوو داواکارم لەپەروەرێنەرمان بمانکات بەوانەی کەبەراستی دڵیان بێدارەوهەمیشە ئاگاداری نوێژەکانیانن، (والذين هم على صلواتهم يحافظون) .

## چەرخ و فەلەك

# ئەم عێراقە..!!!

کەتان خادمی.......................................

لەوکاتەوە چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، دەبێت عێراق گەر یەکەم هەواڵ نەبێت، ئەوا هەر یەکێک بێت لە هەواڵەکانی جیهان..

منداڵ بووم ئەو ژنانەی ڕێیان دەکەوتە ماڵمان، دوای نوێژەکانیان وەک دایکم دەستی دوعایان بەرزدەکردەوە تاخودا ئاوێکی ڕەحمەت بەسەر ئەم ئاگری شەڕەدا بڕێژێت.

بەیانیان کە دەچوین بۆ قوتابخانە پیاوە دوکاندارەکانو شۆفێرەکان گوێیان شل کردبوو بۆ هەواڵەکان، تا هەواڵێکی دڵخۆشکەر ببیستن، چیدی کوڕەکانیان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕنەکرێتو کچەزاکانیان نەکەون بەسەریاندا، هەشت ساڵەی شەری ئێران_ عێراق هەرچی خوێندەوارو نەخوێندەوارە فێری زوبانی عەربی بووبونو خۆیان بەرادیۆو هەواڵەوە گرتبوو، بەیانیانیش گەورەی ماڵ بەهەواڵەکانی (لەندەن) خەبەریان دەکردینەوە.

تا ئەم ساتە هەر ڕۆژەو لە ژێر ناوێکدا عێراق یەکێکە لە هەواڵەکان، هەر بۆیە گەر ڕێت بکەوێتە هەر شوێنێک لەم دونیایەدا گەر پرسیاری ناسنامەت لێبکەنو بڵێت (عێراقی) هەناسەیەکی پڕ حەسرەتت بۆ هەڵدەکێشین.

بۆیە دەمانەوێت کەمێک عێراقی بوون لەخۆمان داماڵین، تەنها لە زیاد بوونی مووچەو پشوەکاندا دەبینەوە بە (مواطن العراقي) ڕۆژی ١/٦ پشوو بوو، یادی دامەزراندنی سوپای عێراق بوو، بەڵام زمانی هەموو لایەک تەتەڵەی دەکردکە چۆن باسی ئەو یادە بکەن بۆ قوتابیان، ئاخر ڕۆژە پشووەکان چیرۆکێکیان هەیە، کەچی ئەم پشووە، کەسو هیچ دەزگایەک فزەی لێوە نەهات، هەتا سوپای عێراقیش لەو ڕۆژەدا زۆر بەکزۆڵەیی لە دەزگاکانەوە خۆی نمایش کرد.

سوپایەک هەموو ئەندامەکانی لەبەرپارە چووبنە نێو سوپاوە چ سوپایەکە، سوپایەک هێندە ماڵ وێرانیو شەڕو نەهامەتی هێناوە هیچی دیکەی پێنەبووە بۆ وڵات، هێندە دەستی سوورە بەهاوڵاتیەکانی خۆی کەمتر بە دوژمن، زۆرێک لە کوردەکانی لای خۆشمان ناویان لە سوپادا نوسراوەو موچەی سوپا وەردەگرن، بەڵام فەرمانبەری حیزبن.

ماوەیە کچە دە ساڵانەکەم شیعرێک وەک توتی دەڵێتو دەڵێتەوە ڕازی ناڕازی... عەلی حیجازی... ئەیساڵح جەبر دەی بۆ ناوقەبر...

سەرەتا وامزانی لە ئەفلامکارتۆنی دۆبلاجکراو وەری گرتووە، وتم کچم ئەم شیعرەت لە کوێ هێناوە؟ وتی: دایکە لەناو کتێبە شینە گەورەکەدا، دیوانەکەی (گۆران).

کە ئەم بابەتەم نووسی بانگی کچەکەمم کردو وتم ئەو شیعرە بڵێ با من بینوسم:

ئەم عێراقە
دورگەی واق واقە!
سەری ساباقە،
بنی وڕاقە!
هەم جێی نیفاقە!
هەم بێ تفاقە!
پایەی وەک فاقە!
بۆ واقە واقە!
کام گەورەی تاقە
............هتد.